KCCRC

Islamic Studies

# شەڕی عەفرین و ڕەنگدانەوەی لە ڕووماڵی میدیای ئیسلامییەکاندا (سایتی پەیام و سپێدە وەك نموونە)



٩ زنجیرە بڵاوکراوەکانی ناوەندی کوردستان بۆ توێژینەوە لە ململانێ و قەیرانەکان

Kurdistan conflict and Crisis Research Center

# شەڕی عەفرین و ڕەنگدانەوەی لە ڕووماڵی میدیای ئیسلامییەکاندا

## (سایتی پەیام و سپێدە وەك نموونە)

ئەرسەلان ڕەحمان

٩ زنجیرە بڵاوکراوەکانی ناوەندی کوردستان بۆ توێژینەوە لە ململانێ و قەیرانەکان

Kurdistan conflict and Crisis Research Center

مافی ئەم بەرهەمە پارێزراوە بۆ

ناوەندی کوردستان بۆ توێژینەوە لە ململانێ و قەیرانەکان ©

www.kurdistanc.com
kurdistan.kccrc@gmail.com
facebook.com/kurdistanccrc
053 - 318 2929
عێراق - سلێمانی - گردی سەرچنار

ئازاری ٢٠١٨

# شەڕی عەفرین و ڕەنگدانەوەی لە ڕووماڵی میدیای ئیسلامییەکاندا (سایتی پەیام و سپێدە وەك نموونە)

ئەرسەلان ڕەحمان

**پوختەی توێژینەوە:**

ئەم توێژینەوەیە، تایبەتە بە ڕووماڵی هەردوو سایتی پەیام و سپێدە، کە سەر بە دوو لایەنی سیاسی ئیسلامین لە کوردستان، بۆ ڕووداو و هەواڵەکانی پەیوەست بە هێرشی تورکیا بۆ سەر عەفرین و لە میانی توێژینەوەکەدا هەوڵدراوە وەڵامی چەند پرسیارێکی پەیوەست بە ڕادەی لایەنگری و شێوازی ڕووماڵی ئەو سایتانە بۆ ڕووداوەکانی عەفرین بکرێت. بە شێوەیەکی گشتی وەک لە توێژینەوەکەدا خراوەتەڕوو، سایتەکان لاوازن لە دەستڕاگەیشتن بە زانیاری لە سەرچاوەی یەکەمەوە بە شێوەی تایبەت. زۆرتر پشتیان بە هەواڵ و زانیاری سایتە هەواڵییەکانی دیکە بەستووە. هاوکات هەردووکیان تا ڕادەیەکی زۆر کەمتەرخەم بوون لە ئاماژەکردن بە سەرچاوەی هەواڵ و زانیارییەکانیان و بەشێکی زۆری هەواڵەکانیان ئاماژەیان بە ناوی سەرچاوە نەکردووە. سایتی پەیام بە بەراورد لەگەڵ سپێدە زۆرترین هەواڵی بڵاوکردووەتەوە. بەڵام لە ڕووی بەکارهێنانی دەستەواژە لایەندارەکان سایتی سپێدە لە دووبارەکردنەوەی چەندین دەستەواژە و وشەی لایەندارا لە پێشترە. هەروەها بە هۆی ڕاگرتنی پەخشی کەناڵەکەیانەوە، سایتی سپێدە وەک پێویست نەیتوانیوە زانیاری لە بارەی عەفرین بگوازێتەوە و زۆرتریش بایەخی بە ڕووماڵی چالاکی و لێدوان و هەڵوێستی حزبەکەی داوە لە بارەی ڕووداوەکانی عەفرینەوە. هەردوو سایتەکەش لە ماوەی مانگی یەکەمی شەڕی عەفریندا، خاڵین لە بۆچوون و ڕای نووسەران و ڕۆشنبیرانی ئیسلامی لە بارەی ڕووداوەکانی عەفرینەوە.

## چوارچێوەی تیۆری

### پێشەکی:

دەستپێکی هێرشی تورکیا بۆ سەر عەفرین , لە (٢٠ی کانوونی دووەم/ ٢٠١٨)دا، کە تورکیا ناوی لێناوە «ئۆپراسیۆنی چڵە زەیتون» و لە بەرامبەریشدا، هێزە کوردییەکانی عەفرین ناویان ناوە «بەرخودانی سەردەم»، لە ڕووی میدیاییەوە بووەتە بابەتی ڕووماڵی سەرەکی زۆرێک لەکەناڵە جیهانی، ناوچەیی و ناوخۆییەکان. وەرگری کورد بە چاوەڕوانییەکی زۆرەوە چاوی بڕیوەتە کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی بینراو، بیستراو، خوێندراو و ئەلیکترۆنی بۆ دەستکەوتنی زانیاری لە بارەی نوێترین پێشهاتی شەڕەکە. میدیای کوردی بە هۆی زۆر هۆکاری بابەتی و خودییەوە، کەم تا زۆر بایەخیان بە ڕووماڵی ئەو شەڕە داوە. بەشێک لە کەناڵەکان لە ژێر کاریگەری پەیوەندییە سیاسییەکان و وابەستەبوون بە سیاسەتی سەرچاوەی داراییانەوە، بە ئاراستەی خزمەتی سیاسەتی سەرچاوەکانیان ڕووماڵی پرۆسەکەیان کردووە. لەو نێوەندەدا ڕوانگەیەکی کوردییانە بۆ ڕووماڵی شەڕەکە و خستنەڕووی ڕاڤەیەکی کوردیی تا ڕادەیەکی زۆر بۆشایی

دروووستکردبوو. بە تایبەتی لە ڕۆژانی سەرەتای دەستپێکی شەڕەکەدا.

قسەکردن لە بارەی ڕوومالّی میدیایی ئیسلامییەکانی هەرێمی کوردستان بۆ شەڕەکە جێی بایەخە، بەو پێیەی ئەوان کەوتوونەتە بەردەم بژاردەیەکی قورس چونکە هەرچی پارتی داد و گەشەپێدانی فەرمانڕەوایە پارتێکی شوناس ئیسلامیانەی نزیک لە قوتابخانەی ئیخوان موسلمینە و لە بەرامبەریشدا، لایەنە کوردییەکانی سنووری عەفرین هەن، کە دیدگایەکی نزیک لە باوەڕی چەپیان هەیە و خۆیان لە یەکینەکانی پاراستنی گەل (یەپەگە)، یەکینەکانی پاراستنی ژنان (یەپەژە) و هێزەکانی سوریای دیموکرات (هەسەدە) دەبیننەوە.

لە هەمانکاتدا. لە ڕووی بەهای هەواڵییەوە، بابەتی ڕوومالّەکە نزیکایەتی مەعنەوی لەگەڵ ئیسلامییەکانی هەرێمی کوردستان هەیە. بەو پێیەی لایەنی هێرشبەر دەوڵەتی تورکیایە. لایەنی هێرشبۆکراو کوردە. پرسیاری هەرە گرنگ لای وەرگر، تا چەند ئیسلامییەکانی هەرێمی کوردستان لە ڕێی میدیاوە، بەهای کوردبوونیان خستووەتە بەر ئایدۆلۆژیا و وابەستەبوون بە پەیوەندییە سیاسی و دیپلۆماسییەکانیان لەگەڵ لایەنی هێرشبەردا کە تورکیایە؟

**کێشەی توێژینەوە:**

سەرەڕای بایەخدانی توێژەر بە پرسە میدیاییەکان، هەنووکەیی بابەتی توێژینەوەکە و درووستبوونی پرسیار لە بارەی ڕوومالّی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن بۆ شەڕی سوپای تورکیا لە دژی عەفرین و کاریگەرییەکانی ئایدۆلۆژیا و بیری نەتەوەیی لەسەر ڕوومالّی شەڕەکە لە میدیادا، بوونە هۆی ئەوەی توێژەر بیر لە توێژینەوە لە بابەتەکە بکاتەوە. هەروەها بە سەرنجدان لەوەی ساینی هەردوو کەناڵی (پەیام) و (سپێدە)، ئۆرگانی رەسمی لایەنە سیاسییەکانیان، پەیامەکانیان ڕەنگدانەوەی سیاسەت و دنیابینی لایەنەکانیانە.

**بایەخی توێژینەوە:**

ئاوتوێکردنی پرسەکانی پەیوەست بە میدیا بە گشتی و ڕوومالّی میدیایی بە تایبەتی، پێویستییەکی هەنووکەیی میدیای کوردین. لە پێناو شەنوکەوکردنی لایەنە جیاجیاکانی ڕوومالّ و دەرخستنی دیوە شاراوەکانی و گەیشتن بە وەڵامی زۆر لە پرسیاری وەرگران سەبارەت بە گوتاری ئەو کەناڵانەی ڕوومالّی پرسەکان دەکەن.

میدیا لە هەموو کایەیەک زیاتر پێویستی بە ڕووناکی خستنە سەر، شیکردنەوە و دەرخستنی دیوە شاراوەکانی هەیە. بە دوو ئامانجی سەرەکی:

یەکەم: زانیاری پێدان و بەرچاوڕۆشنکردنەوەی وەرگر لە مەغزا و کرۆکی پەیامی کەناڵەکان.

دووەم: ڕێ ڕۆشنکردنەوە لە بەردەم هەنگاوەکانی

> **هەردوو سایتی کەناڵەکانی پەیام و سپێدە، بە شێوەیەکی سەرەکی لە ڕوومالّی شەڕی عەفریندا، زۆرتر پشتیان بە هەواڵ و تا ڕادەیەکیش ڕاپۆرتە هەواڵ بەستووە**

کەناڵەکان و درککردن بە گرنگی و کاریگەری پەیامەکانیان لە لای وەرگران.

**ئامانجی توێژینەوە:**

یەکەم: زانینی ڕادەی بایەخدانی ساینی دوو کەناڵی ئیسلامی بە پرسێکی پەیوەست بە نەتەوەکەیان.

دووەم: دەرخستنی کاریگەری ڕەوتی فیکری و ئایدۆلۆژی و نزیکی مەعنەوی لەسەر شێواز و چۆنێتی ڕوومالّی کەناڵە ئیسلامییەکان بۆ بابەتی هێرشی سوپای تورکیا بۆ سەرعەفرین.


KCCRC
ناوەندی کوردستان بۆ توێژینەوە لە ململانێ و قەیرانەکان

سێیەم: ئاشنا بوون بە کرۆکی ئەو پەیامەی ساینی کەناڵە ئیسلامییەکانی (سپێدە و پەیام) لە میانی ڕووماڵی شەڕی عەفریندا ویستوویانە بیگەیەنن.

**پرسیاری توێژینەوە:**

پرسیاری سەرەکی توێژینەوەکە، ئەوەیە میدیای ئیسلامییەکانی کوردستان، بە تایبەت ساینی کەناڵە ئاسمانییەکانی (سپێدە و پەیام) چۆن کاریان لەسەر ڕووماڵی هێرشەکانی تورکیا بۆ سەر عەفرین کردووە؟ لەو چوارچێوەیەشدا هەوڵدراوە وەڵامی چەند پرسیارێکی دیکە بدرێتەوە لەوانە:

یەکەم: هەردوو ساینی ئاسمانی پەیام و سپێدە تا چەند گرنگیان بە ڕووماڵی شەڕی عەفرین داوە؟

دووەم: لە ڕووی دەستەواژەی بەکارهێنراوەوە تا چەند ئەو دەستەواژانەیان بەکارهێناوە کە لایەنداری بۆ تورکیا تێدایە؟

سێیەم: لە ڕووی بۆچوون و ڕای نووسەران و شارەزایانەوە تا چەند بایەخیان بە بۆچوونی لایەنە جیاجیاکان داوە و لە پاڵ هەواڵ و زانیارییەکاندا بڵاویان کردوونەتەوە؟

**جۆری توێژینەوە:**

ئەو میتۆدەی کە توێژەر لە توێژینەوەکەیدا بەکاریهێناوە، میتۆدی توێژینەوەی شیکاریی ناوەڕۆکە و هەروەها سوود لە تەکنیک و شێوازی میتۆدی ڕووپێوی زانستی وەرگیراوە. چونکە هیچ توێژینەوەیەکی زانستی تەواو دەرناچێت ئەگەر میتۆدێکی دیاریکراوی بەسەردا پراکتیزە نەکرێت. بەو هۆیەوە دەتوانین بە شێوەیەکی کرداری بگەینە ئەنجامە زانستییەکان. لە ڕێگەی میتۆدی توێژینەوەی شیکاریی ناوەڕۆکی هەواڵەکانەوە هەوڵدراوە ڕادەی بایەخ و چۆنێتی ڕووماڵی ساینەکانی (سپێدە و پەیام) بۆ ڕووداوەکانی عەفرین دەربخرێت.

لە توێژینەوەکەدا، هەوڵدراوە، زانیاری و ڕەگەزەکانی لێتوێژراو وەربگیرێن و لە پاڵ خستنەڕوویاندا، لێکدانەوەیان بۆ بخرێتەڕوو، وەک ئاسانکارییەک بۆ خوێنەر داتاکان شیتەڵکراونەتەوە.

**کۆمەڵگەی توێژینەوە:**

توێژەر بۆ ئەنجامدانی توێژینەوەکەی پشتی بەستووە بە کۆمەڵگەی توێژینەوە کە بریتییە لە هەریەک لە ساینی کەناڵی ئاسمانی (پەیام)، کە نووسینگەی سەرەکی لە شاری سلێمانییە و ئۆرگانی ڕەسمی کۆمەڵی ئیسلامی کوردستانە، کە پارتێکی ئیسلامی خاوەن دیدگای جیهادی بووە لە ڕابردوودا. هەروەها ساینی کەناڵی ئاسمانی (سپێدە)، کە نووسینگەی سەرەکی لە شاری هەولێر و ئۆرگانی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستانە، کە پارتێکی ئیسلامیی خاوەن دیدگای «ئیسڵاحییە» و لە چوارچێوەی قوتابخانەی ئیخوان موسلمیندایە، کە هاوکات بە دۆستی پارتی داد و گەشەپێدانی ئیسلامی دەسەڵاتدار لە تورکیا دەناسرێت، وەک کۆمەڵگەی توێژینەوە وەرگیراوون.

> **هەردوو سایتەکە ئامادە نەبوون لە ناونیشانی هەواڵەکانیان لە بارەی قوربانییەکانەوە ئەگەر مەدەنیش بوون، دەستەواژەی (شەهید) بەکاربهێنن**

**نموونەی توێژینەوە:**

لە ڕووی کاتەوە: لە دەستپێکی هێرشی سوپای تورکیا بۆ سەر عەفرین واتە لە کاتژمێر ٥:٠٠ی ئێوارەی ڕۆژی (٢٠ی کانوونی دووەم٢٠١٨) دەستپێدەکات، تا (١٨ی شوباتی ٢٠١٨) واتە لە ماوەی ٣٠ ڕۆژی یەکەمی شەڕدا.

لە ڕووی بابەتی میدیاییەوە: هەموو جۆرە ژانرە ڕۆژنامەوانییەکانی پەیوەست بە ڕووماڵی شەڕ

وەرگیـراون، لەوانـە (هـەواڵ، راپـۆرت، چاوپێکەوتـن، وتـار، وێنـە، کاریکارتێـر، گرتـەی ڤیدیۆیـی، گرافیـک).

## بەشی یەکەم
## رووماڵی هێرشەکانی تورکیا بۆ سەر عەفرین

### بەرایی

میدیـای کـوردی بـە شـێوەیەکی گشـتی لـە کاتـی روودانـی رووداو و هاتنـە ئـارای پرسـە گرنگەکانـی رۆژدا هاوشـێوەی سیاسـەتی لایـەن، خولگـەی سیاسـی ناوچەیـی و بەرژەوەنـدی سیاسـی و ئایدۆلـۆژی بەسـەر دووبـەرەی دژ و پێچەوانـەدا دابـەش دەبێـت. ئـەم دابەشـبوونە هـۆکاری سـەرەکی پـەرش و بـڵاوی و ناڕوونییەکـە، کـە سـەبارەت بـە پرسـەکان لای وەرگـری کـورد درووسـت دەبێـت و راسـتەقینەی بابـەت و تـەوەر و پرسـەکان دەبێتـە قوربانـی یەکەمـی ئـەو شـێوە کارکردنـەی میدیـا. جگـە لـە بوونـی بانگەشـەی (بێلایەنـی، بابەتیبـوون، پیشـەیبوون)، رووماڵێکـی بابەتیانـە و پیشـەییانە و زانسـتی ئەوتـۆ لـە میدیـا نابینرێـت. گرفتێکـی دیکـەی بـەردەم ئـەم پرسـە، نەبوونـی میدیـاکاری ئەوتۆیـە بتوانێـت لـە یـەک کاتـدا پارسـەنگی سیاسـەتی کەناڵەکـەی و رووماڵ و گواسـتنەوەی بابەتیانـەی رووداوەکان بـۆ وەرگـر رابگرێـت. بـە ئەگـەری زۆر، کەسـانێکی میدیـاکار لـە میدیـادا کاردەکـەن، حـەز و خولیـای ئـەو راسـتی پیشـاندانەیان هەیـە، بـەڵام بـە هـۆکاری خـودی و بابەتـی و بـە لەبەرچاوگرتنـی بەرژەوەنـدی کەسـی و دابینکردنـی سـەرچاوەی دارایـی و خۆبژێـوی بەشـێکی زۆری ئـەو میدیاکارانـە دەسـتبەرداری بەهـا میدیاییـەکان بـوون و نایانەوێـت خۆیـان لـە قـەرەی بابەتگەلێـک بـدەن، کـە لـە بـری دەسنخۆشـانە، بۆیـان ببێتـە مایـەی سەرئێشـە. هـەر بۆیـە زۆرێـک بـە لەبەرچاوگرتنـی سیاسـەت و روانگـەی بیرکردنـەوە و ئایدۆلۆژیا و مەرامـی سیاسـی کەناڵـەکان رۆڵـی پاسـەوانی دەرگا دەبینـن و هەندێکجـار ئـەوان مکوڕتـرن لـە خـاوەن و سـەرچاوەی دارایـی و لایەنـی ئاشـکرا و شـاراوەی پشـت ئەجێنـدای کەناڵـەکان بـۆ جێبەجێکردنـی مەرامـە سیاسـییەکان.

### مەبەست لە رووماڵی میدیایی

رووماڵـی هـەواڵ بـۆ رووداوەکان رۆڵێکـی گرنگـی هەیـە لـە: پێکهێنانـی بۆچـوون و درووسـتکردنی روانگەیەکـی هاوبـەش لای تاکەکانـی کۆمەڵگـە و دواتریـش یەکخسـتنی ئاراسـتە و هەڵوێسـتیان لـە هەمبـەر پرسـێکی گرنـگ و چارەنووسـسازی ژیانـی کۆمەڵگەکانیـان[١]. تەنانـەت رووماڵـی رووداوی سـادەش، بایەخێکـی زۆری هەیـە لـە ئاراسـتەکردنی هۆشـەکی تاکەکانـی کۆمەڵگـە و گۆڕینیـان لـەو ژینگەیـەی تێیـدا دەژیـن[٢]. رووماڵـی رووداوەکان مێژووییەکـی دێرینـی هەیـە و لەگـەڵ پێشـکەوتنی ئامرازەکانـی راگەیانـدن پێشـکەوتنی بەرچـاوی بەخـۆوە بینیـوە[٣].

رووماڵـی هەواڵـی، چوارچێوەیەکـە کـە لێیـەوە زانیـاری و ژمـارە و بۆچوونـەکان بـۆ وەرگـر فەراهەمدەکرێـن. تـا هەرچـی زیاتـرە لـە بـارەی رووداوەکانـەوە بزانێـت. کەناڵ دەیەوێـت ئـەو وێنایە لای وەرگر بسازێنێت کە خـۆی دەیەوێـت بیگەیەنێـت.

رووماڵ بـۆ پرسـێک یـان دیاردەیـەک، یاخـود رووداوێـک کـە بەهـای هەواڵیـی هەیـە و میدیـا دەیەوێـت رووماڵـی بـکات و زانیـاری لـە بارەیـەوە بـۆ وەرگرانـی بگوازێتـەوە، مێـژووی دێرینـە. (نـۆرس کلیـف) بـۆ یەکەمجـار لـە ١٨٧٠دا پێناسـەی هەواڵـی کـردووە بـەوەی وروژانـدن و دەرچـوون لـە رێسـای بـاو. (جێراڵـد جۆنسـۆن)یش بـەوە وەسـفیکردووە، کـە راپۆرتێکـە لـە بـارەی رووداوێکـی گرنـگ بـەلای جەماوەرەوە و شـیاوی بڵاوکردنەوەیـە«[٤].

هەرچـی رووماڵـی هەواڵییـە، ئاماژەیـە بـۆ پرۆسـەیەکی فـروان، کـە لـە رێگەیـەوە رۆژنامـەوان، یـان میدیـاکار دەسـتی بـە زانیـاری سـەبارەت بـە پێشـهات و وردەکاری پەیوەسـت بـە لایەنـی جیاجیـای رووداو، راسـتییەکان و لێدوانـەکان رادەگات. هەروەهـا بەهێزکردنـی بابەتـی هەواڵـی و دارشـتنەوەی بـە شـێوازی رۆژنامەوانیانـەی گونجـاو دەگرێتـەوە. ئەمـەش بـە هـۆی دەسنخسـتنی زانیـاری و وردەکاری رووداوێکـی دیاریکـراو. لـە میانەیـدا میدیـاکار هەوڵـدەدات وەڵامـی سـەرجەم پرسـیارە میدیاییـەکان و ئـەو پرسیارانە بداتـەوە کە لای وەرگـر لە


KCCRC
ناوەندی کوردستان بۆ توێژینەوە لە ململانێ و قەیرانەکان

بارەی ڕووداوەکەوە درووست دەبن[٥].وەڵامدانەوەی پرسیارەکانی (کێ، چی، کەی، لە کوێ، چۆن، بۆچی) , کە بنەما و ڕەگەزی پێکهێنەری هەواڵن بە شێوەیەکی ورد و چڕوپڕ ناواخنی ڕووماڵەکە پێکدەهێنێت[٦].

**به شێوەیەکی گشتی دوو جۆر ڕووماڵی هەواڵی هەن:**

یەکەمیان: لە ڕووی ناوەڕۆکەوە. کار لە سەر دەرخستنی کرۆکی ڕووداوە هەواڵییەکان دەکات. بەردەوام هەوڵی ڕۆشنکردنەوەی لایەنە شاراوەکانی ڕووداوێکی دیاریکراو دەدات. زۆرتر پێداگیری لەسەر بەدەستهێنانی وەڵامی چۆن و بۆچی دەکاتەوە.

دووەمیان: ڕووماڵی هەواڵی لە ڕووی کاتی ڕوودانی ڕووداوەکەوە. ئەمەش سێ جۆری هەیە:

یەکەم: ڕووماڵی هەواڵی ئامادەسازیانە:

وەرگرتن و کۆکردنەوەی زانیاری لە بارەی ڕوودانی ڕووداوێکی چاوەڕوانکراو. یان ڕووداوێک دەشێت ڕووبدات و شوێنپێهەڵگرتنی ئاماژەکانی ڕوودانی و کۆکردنەوەی زانیاری لە بارەیەوە.

دووەم: ڕووماڵی هەواڵی تۆمارکراو: دوای ڕووداوەکە، دەستی پێدەکرێت. تەواوکاری ئەو پێشبینیانەیە بۆ ڕوودانی ڕووداوەکە کراون. مەودای یەکانگیربوونی زانیارییەکان بەر لە ڕووداوەکە و دوای ڕووداوەکە دەخرێنەڕوو.

سێیەم: ڕووماڵی هەواڵیی بەدواداچوونیی: لە ڕێگەیەکەوە ئەنجام و پێشهات و ڕووداوە نوێیەکانی پەیوەست بە ڕووداوێکی دیاریکراو و لێکەوتە و کاردانەوەکانی ڕووماڵ دەکرێن.

بە گشتی هەر کەناڵێکی میدیایی ئەجێندا و ستراتیژ و سیاسەتێکی دیاریکراوی کارکردنی هەیە. کەناڵەکان بە گشتی لە پێناو بەدیهێنانی ئامانجەگەلێکی دیاریکراودا دادەمەزرێن. بە گوێرەی ناوەڕۆکی پەیامەکانیان، جا چ ئامانجی سیاسیی، یان ئابووری، یاخود کۆمەڵایەتی و ئایینی و بابەتی دیکەی جۆراوجۆریان هەبێت. کەناڵەکان لانیکەم خۆیان لە ڕووماڵی بابەت و ڕووداوگەلێک دەپارێزن، ئەگەر بێت و نەیانگەیەنێتە ئامانجەکەیان. بۆنموونە، لە شەڕی غەززەدا، کە لە (٨ی ئەمموز٢٠١٤) دەستیپێکرد و تا (٢٦ی ئاب هەمان ساڵی خایاند[٧]، کەناڵێکی وەک بی بی سی (عەرەبی)، ماوەی ١٢ ڕۆژی یەکەمی شەڕەکە بە شێوەیەکی بەربڵاو ڕووماڵی ڕووداوەکانی کرد و دواتر کۆتایی بە ڕووماڵی بەردەوام هێنا و ئەنیا لە گەشنەکانی هەواڵدا وەک هەواڵێک مامەڵەی لەگەڵ بابەتەکەدا کرد. ئەمەش لە ئەنجامی فشاری لۆبی جووەکان و دوورکەوتنەوە لە ئامانجی ڕووماڵەکە بوو[٨]. بۆیە چۆنێتی ناوەڕۆک و ئاراستەی ڕووماڵی ڕووداوەکان گرنگە و دەکرێت لەو پێودانگەوە بڕوانرێتە بایەخی ڕووماڵ.

**جۆرەکانی ڕووماڵی میدیایی لە ڕووی ئاراستەی ناوەڕۆکەوە:**

**لە ڕووی ئاراستەی ناوەڕۆکەوە، ڕووماڵ چەند جۆرێکی هەیە، لەوانە:**

یەکەم: ڕووماڵی هەواڵیی بێلایەنانە: لەو میانەیدا میدیا و میدیاکار، تەنیا ڕاستییەکان دەگوازنەوە. چیرۆکە هەواڵییەکان خاڵین لە ڕەگەزی خودیی و ئەنگێزەی ئایبەتی و لایەنگری. تەنیا ڕاستییە بنچینەییەکان بۆ وەرگر دەگوازرێنەوە. بە بێ قووڵبوونەوە و ڕۆچوون لە بابەتەکە و دەرخستنی ڕەهەندەکانی و باکگراوندی ڕووداوەکان و دەربڕینی بۆچوون و تێکهەڵکێشکردنیان بە بۆچوون.

دووەم: ڕووماڵی هەواڵیی ڕاڤەییانە: میدیاکار زانیارییە ڕاڤەییەکانیش کۆدەکاتەوە. لە پاڵ ڕاستییەکان و چیرۆکە هەواڵییە بنەڕەتییەکانی بڵاویاندەکاتەوە. بە ئامانجی ڕاڤەکردنی هەواڵ و شیکردنەوەی و بەرچاوڕۆشنکردنەوەی وەرگر. ئەم ڕووماڵە کەشی گشتی، دەوروبەری ڕووداوەکە، زانیاری جوگرافی، مێژوویی، ئابووری و سیاسی لە بارەی ئەو ژینگەیە بڵاودەکاتەوە، کە ڕووداوەکەی تێدا ڕوویداوە. هۆکارەکان، پاڵنەرەکان، ئەنجام و کاریگەرییە چاوەڕوانکراوەکانی دەخاتەڕوو. ئەمەش پێویستی بە ماندووبوون، توێژینەوە و کۆششێکی زیاتر هەیە. هەندێکجار ڕووداوەکە

پەیوەست دەکرێت بە ڕووداوی هاوشێوەی لە مێژوودا.

سێیەم: ڕووماڵی هەواڵیی لایەنگرانە: ئەم جۆرە ڕووماڵە، میدیاکار، یان کەناڵ سەرنجی زۆرتر دەخاتە سەر لایەنێکی دیاریکراو لە هەواڵ، یان ڕووداوەکە. بەشێک لە ڕاستییەکانی بەلاوە دەنێت. هەندێکیان گەورەتر لە قەبارەی خۆیان پیشاندەدات. بەشێکیان دەشێوێنێت. هەروەها بۆچوونی خۆی ئاوێتەی ڕاستییەکان دەکات[٩].

**قۆناغەکانی ڕووماڵی هەواڵیی:**

ڕووماڵی هەواڵیی وەک کایەیەکی گرنگی پیشەی میدیایی کارێکی سەرپێیانە نییە. ئامانج لێی پڕکردنەوەی بۆشایی شاشە، ڕووپەڕی چاپکراوەکان،

> **هەردوو سایت هەوڵیانداوە بایەخی زۆرتر بە ڕووماڵی ئەو هەواڵانە بدەن، کە لایەنداریان بۆ هێزە کوردییەکانی عەفرین هەیە**

ماوەی پەخشی ڕادیۆیی نییە. وەک ئەوەی لە (بەشێک - ژمارەیەک) لە کەناڵە میدیاییەکانی هەرێمی کوردستان ئێبینی دەکرێت. کاتێک بەسەر ڕووداوێکدا دەکەون و ڕووماڵی دەکەن، چۆن لە یەکەم چرکە ساتی ڕووداوەکەوە بە هەڵە دەستپێدەکەن، کۆتاییەکەشی جگە لە شێواندن و بەلاڕێدابردنی ڕەوتی ڕووداوەکان و ئاوەژووکردنەوەی ڕاستییەکان شتێکی ئەوتۆی لێ شین نابێت. ڕووماڵی میدیایی بابەتێکی زانستیانە و پیشەییانەیە و پێویستی بە بەرچاوڕوونی و شارەزایی و خوێندن و کۆکردنەوەی ئەزموون هەیە. لێرەدا قۆناغەکانی ئەنجامدانی پرۆسەی ڕووماڵیی میدیایی دەخەینەڕوو:

قۆناغی یەکەم: کۆکردنەوەی زانیاری:

یەکێک لە قۆناغە گرنگەکانی پرۆسەی ڕووماڵیی میدیایی. پێویستە بەر لە هەموو شت، کەناڵ لە ڕێی سەرچاوەی جۆراوجۆرەوە هەموو تواناکانی بخاتەگەڕ بۆ کۆکردنەوەی زانیاری ورد و درووست لە بارەی ڕووداوەکان، ڕەوتی بەرەوپێشچوونی ڕووداوەکان، بوار و ڕەهەند و تایبەتمەندی هەریەک لەو ڕووداوانە. ئەمەش لە ڕێی بەگەڕخستنی توانای مرۆیی و ماددییەوە دەبێت. کە لە ڕووی مرۆییەوە، نێردە، پەیامنێر، ڕۆژنامەوانە ئازادەکان، وێنەگران، ئەنانەت هەماهەنگی لەگەڵ ئەو جۆرە نوێیەی میدیاکار کە وەک میدیاکاری هاووڵاتی بە هۆی کاریگەری تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە هاتووەتە مەیدانەوە، دەتوانرێت زۆرترین زانیاری کۆبکرێنەوە. ڕۆژانە ئەپدەیتی زانیارییەکان بکرێنەوە و کەلێن و کەموکورییەکانیان پڕبکرێنەوە.

هەروەها پشت بەستن بە سەرچاوەی دەرەکی (دەرەوەی کەناڵ)، وەک: سەرچاوە هەواڵییەکان، ئاژانسەکان، سایت و پێگە هەواڵییەکان، لاپەڕە بڕواپێکراوەکانی ناو تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان.

**دووەم: هەڵسەنگاندنی بابەتەکە و هەڵاوێرکردنی بۆ بڵاوکردنەوە و بڵاونەکردنەوە:**

ئەنیا کۆکردنەوەی زانیاری بەس نییە، گرنگ ئەوەیە چۆن ئەو زانیاریانە مشتوماڵ بکرێن. لە کڵاوڕۆژنەی بەهاکانی هەواڵەوە یاخود ئەو بەهایانەی کەناڵەکە دەستنیشانیکردوون، بۆیان بڕوانرێت و پۆلین بکرێن. هەندێک زانیاری ڕەنگە گرفت لە سەرچاوەیان هەبێت. هەندێک سەرچاوە ڕەنگە لێڵییەک لە پەیام و زانیارییەکانیاندا هەبێت. ڕەنگە هەندێک زانیاری زیانیان پتر بێت لە سوودیان. ڕەنگە هەندێک زانیاری بە مەبەست و بۆ شێواندنی ڕاستییەکان گەیەندرابنە کەناڵەکە و ئامانج ئەوە بێت، لە

رێگەی لە خشتەبردنی کەناڵەکە رایگشتی چەواشە بکرێت. بۆیە گرنگە دەستەی نووسەرانی کەناڵەکان، هەواڵسازان بە دیقەت و گومانەوە بڕواننە هەموو ئەو زانیاریانەی رۆژانە بە ناوی هەواڵەوە بە لێشاو دەگەنە سەرچاوەکانی کەناڵەکە و لەوانیشەوە راستەوخۆ دەگەنە ژووری هەواڵی کەناڵەکان.

ئەم پۆلێنکردن و مشتومالەش لەسەر بنەمای ئەو بەهایانەیە، کە زۆرینەی توێژەرانی بواری ژانرە میدیاییەکان لەسەریان کۆکن. وەک بەهاکانی (جدیبوون، سوود، خێرایی، گەورەیی، سەرنجڕاکێشی، ململانێ، فراوانی، ناوازەیی، ناوبانگ، بایەخی

> **بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەو شەپۆلە ناڕeزایەتییەی دژی کەسایەتییە ئیسلامییەکانی نزیك لە یەکگرتوو لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان هاتنە ئارا، سایتەکە بایەخی بە هەواڵەکانی پەیوەست بە هەڵوێستی یەکگرتووی ئیسلامی داوە**

مرۆیی، وروژاندن، کەسایەتی..هتد). هەروەها گرنگتر لە هەمووان سیاسەتی میدیایی کەناڵە. ئەمەش پێوەرێکی گرنگە بۆ هەڵبژاردنی هەواڵ و بڵاوکردنەوەی.

**قۆناغی سێیەم: داڕشتنی بابەتە هەواڵییەکان:**

داڕشتنی هەواڵ و راپۆرتە هەواڵییەکان، ئامادەکردنی سنۆری و راپۆرتە بینراوەکان، پێویستە لەسەر بنەمای شێوازە پیشەییەکانی هونەری نووسینی رۆژنامەوانی بێت. داڕشتنی هەواڵ، راپۆرت، ریپۆرتاژ، چاوپێکەوتن و وتارە میدیاییەکان کارێکی سەرپێیانە و هاکەزاییانە نییە. شێوازی هونەریانە و زانستیانەی تایبەت بە داڕشتنی ئەو ژانرە میدیایانە هەیە.

**قۆناغی چوارەم: پێداچوونەوە:**

دوای داڕشتنیان، بابەتەکان، پێویستیان بە پێداچوونەوە و ئامادەکردنی بۆ بڵاوکردنەوە هەیە. لە هەموو ئەو پرۆسەیەشدا، پێویستە رەچاوی بنەما و رێسا پیشەیی و یاساییەکانی بڵاوکردنەوە بکرێت. لەو پرۆسەیەدا ئەوەی رۆڵی سەرەکی و یەکلاکەرەوە دەگێڕێت، موحەڕیرەکانن. ئەوانن پەنجەمۆری خۆیان لە داڕشتن و ئامادەکردنی بابەتەکان دەدەن. هەرئەوانیش دەتوانن تایبەتمەندی هاوسەنگی و پیشەییبوونی بابەتەکان و تێکەڵنەکردنی هەست و سۆز و بۆچوونی خودی لەگەڵ ناوەڕۆکی بابەتە میدیاییەکان بپارێزن[١٠].

ئەو پێودانگانەی پێویست بۆ سەرکەوتنی رووماڵی میدیایی:

یەکەم: پێویستی جیاکردنەوەی راوبۆچوون لەگەڵ هەواڵدا.

دووەم: گرنگی پابەندی بە بێلایەنی لە هەمبەر هەردوو لایەنی ململانێکە.

سێیەم: سووربوون لەسەر پشتبەستن بە جۆراوجۆری سەرچاوە و هاوسەنگی نێوانیان لە کاتی بوونی جیاوازی لە گێڕانەوە و زانیارییەکاندا.

چوارەم: جەختکردنەوە لەسەر پێویستی بە دواداچوونی راستیی بابەتە هەواڵییەکان بەر لە پەلەکردن لە بڵاوکردنەوەیان[١١].

## بەشی دووەم

## پاری یەکەم

### ١- سایتی کەناڵی سپێدە و رووماڵی شەڕی عەفرین

بە هۆی راگرتنی پەخشی کەناڵی ئاسمانی سپێدە، لە (٢٢ی کانوونی یەکەم ٢٠١٧)دا[١٢]، تەنیا سایتی کەناڵەکە کارا بووە و لەو رۆژەوە پەخشی

پرۆگرامەکانــی کەناڵەکــە وەســتاون و ئەمــەش ڕەنگدانــەوەی لەســەر ناوەڕۆکــی ساینەکەیان لــە ڕووی چەندایەتــی و چۆنایەتــی هەواڵــەوە هەبــووە.

یەکــەم: بەکارهێنانــی ژانــرە ڕۆژنامەوانییــەکان لــە ڕوومااڵــی ڕووداوەکانــدا

لــە خشــتەی(١)دا، وەک دەردەکەویــت، کەناڵەکــە زۆرتــر بایەخــی بــە هەواڵەکانــی پەیوەســت بــە عەفریــن داوە. کەمتــر ســوودی لــە ژانرەکانــی دیکــەی هونــەری ڕۆژنامەوانــی وەرگرتــووە لــە بــارەی ڕووداوەکانــەوە. هەروەهــا لــە مــاوەی یــەک مانگــی یەکەمــی شــەڕی عەفرینــدا تەنیــا یــەک وتــاری باڵوکردووەتــەوە، کــە (٥،٢٪)ی کــۆی گشــتی بابەتەکانــی پێکدەهێنێــت.

**دووەم: سەرچاوەی زانیاری:**

بــۆ ڕووماڵــی ڕووداوەکانــی عەفریــن، بــە هــۆی ئــەوەی ســایتی ســپێدە ســەرچاوەی تایبــەت و پەیامنێــری لــە شــوێنی ڕووداوەکان، یــان لــە عەفریــن نەبــووە، هەوڵیــداوە لــە ســەرچاوەی دەرەکــی زانیــاری وەربگرێــت و بــۆ ئــەو مەبەســتەش پشــتی بــە ئاژانــس و بەیاننامــە و ڕاگەیەنــدراوی الیەنــەکان و ســایتە هەواڵییــەکان بەســتووە.

لــە خشــتەی(٢)دا دەردەکەویــت بــە ڕێــژەی ٦٣،٥٪ ســایتەکە پشــتی بــە هەواڵــی ســایتە هەواڵییــەکان بەستووە و لــە ناویشــیاندا سایتی ئاژانســی هەواڵــدەری ڕۆیتــەرز و ســایتە عەرەبــی و کوردییەکانــی تایبــەت بــە هــەواڵ هــەن. تەنیــا ڕێــژەی (٢٠،٥٪)ی بابەتەکانــی تایبەتــن بــە کەناڵەکــە، ئەمــەش ڕەنگــە هۆکارەکــەی بــۆ نەبوونــی پەیامنێــر، یــان کەمــی توانــای مرۆیــی سایتەکە بگەڕێتــەوە. هەروەهــا ســایتەکە کەمتریــن ســوودی لــە تــۆڕە کۆمەاڵیەتییــەکان وەک ســەرچاوەیەکی هەواڵــی وەرگرتــووە و لــە کــۆی بابەتەکانیــدا تەنیــا یــەک بابەتــی لــە تــۆڕی کۆمەاڵیەتــی فەیســبووک وەرگرتــووە و ڕێــژەی (٥،٢٪)ی کــۆی بابەتەکانــی پێکهێنــاوە.

**سێیەم: پۆلێنکردنی بابەتە هەواڵییەکان بە گوێرەی جوگرافیای ڕووداوەکان**

لــە خشــتەی (٣) دا دەردەکەویــت، ســایتەکە بایەخێکــی تایبەتــی داوەتــە هەواڵەکانــی حــزب پەیوەســت بــە

**خشتەی(1) ژانرەڕۆژنامەوانییەکان سایتی سپێدە دیاریدەکات تایبەت بە عەفرین**

| ژ | ژانرە ڕۆژنامەوانییەکان | دووبارەبوونەوە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|---|
| 1 | هەواڵ و وێنە | 42 | %89.5 |
| 2 | ڤیدیۆی هاوپێچکراو | 4 | %8.5 |
| 3 | وتار | 1 | %2.5 |
| 4 | ڕاپۆرتی پەیامنێران | سفر | %0 |
| 5 | ڕیپۆرتاژ | سفر | %0 |
| 6 | ستۆری | سفر | %0 |
| 7 | چاوپێکەوتن | سفر | %0 |
| 8 | کاریکاتێر | سفر | %0 |
| 9 | گرافیک | سفر | %0 |
| | کۆی گشتی | 47 | %100 |

**خشتەی(2) پۆلینی سەرچاوەکانی زانیاری لە سایتی سپێدە دیاریدەکات**

| ژ | سەرچاوەکانی هەواڵ | دووبارەبوونەوە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|---|
| 1 | تایبەت بە سپێدە/ پەیامنێر | 9 | %20.5 |
| 2 | ڕاگەیەندراو و بەیاننامە | 6 | %13.5 |
| 3 | سایتە هەواڵییەکان | 28 | %63.5 |
| 4 | تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان | 1 | %2.5 |
| | کۆی گشتی | 44 | %100 |

پرسی عەفرین و ئەمەش زۆرتر دوای ئەوە هات، کە لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان ڕەخنە ڕووبەڕووی کەسایەتییە ئایینییەکانی نزیک لە یەکگرتووی ئیسلامی بە تایبەتی دکتۆر عەلی قەرەداغی سەرۆکی یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی و مەلا سەید ئەحمەد، لە کۆی (٨) هەواڵی تایبەت بە یەکگرتوو، (٣) هەواڵیان تایبەتن بە هەڵوێست و ڕوونکردنەوەی دکتۆر عەلی قەرەداغی سەبارەت بە شەڕی عەفرین. هەروەها تەنیا بە ڕێژەی (١١,٥٪) ڕووماڵی ئەو لێدوان و هەڵوێست و چالاکیانەی کردووە، کە لە هەرێمی کوردستان پەیوەست بە عەفرین لە ئارادا بوونە. زۆرترین ڕێژەی هەواڵەکانی پەیوەستن بە خودی شەڕ و پێکدادانەکانی سنووری عەفرینەوە و (٤٠٪)ی کۆی گشتی بابەتەکانی پێکهێناوە.

**چوارەم: پۆلینی بابەتە هەواڵییەکان لە ڕووی جۆری ناوەڕۆکی هەواڵەکانەوە**

لە خشتەی(٤)دا دەردەکەوێت، کە سایتی سپێدە بە شێوەیەکی سەرەکی بایەخی بە ڕووماڵی هەواڵ و لێدوان و بابەتە سیاسییەکانی پەیوەست بە شەڕی عەفرین داوە ڕێژەی نیوەی کۆی بابەتەکانی پەیوەستنە بە پرسە سیاسییەکانەوە. بە دوای ئەویشدا بە ڕێژەی (٤٣٪) بایەخی بە ڕووداوەکانی پەیوەست

**خشتەی (3) دیارکردنی جۆری هەواڵەکان لە ڕووی شوێنگەی ڕوودانیان دیاریدەکات**

| ژ | جۆری هەواڵ | دووبارەبوونەوە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|---|
| 1 | جیهانی | 9 | %20.5 |
| 2 | تورکیا | 4 | %9.5 |
| 3 | عەفرین | 18 | %40 |
| 4 | هەرێمی کوردستان | 5 | %11.5 |
| 5 | تایبەت بە یەکگرتوو | 8 | %18.5 |
| | کۆی گشتی | 44 | %100 |

**خشتەی (4) دەستنیشانکردنی بابەتە هەواڵییەکان لە رووی جۆری ناوەڕۆکەوە دیاریدەکات**

| ژ | جۆری بابەت | دووبارەبوونەوە | رێژەی سەدی |
|---|---|---|---|
| 1 | سیاسی | 22 | %50 |
| 2 | ئابووری | سفر | %0 |
| 3 | کۆمەڵایەتی | 2 | %4.5 |
| 4 | سەربازی | 19 | %43 |
| 5 | یاسایی | 1 | %2.5 |
| | کۆی گشتی | 44 | %100 |

بە شەڕ و پێکدادان و جموجۆڵە سەربازییەکان لە عەفرین داوە. بەڵام لایەنی ئابووری شەڕەکە و خەرجی شەڕ و وێرانکارییەکانی فەرامۆش کردووە و لە رووی یاساییەوەش، کەمترین بایەخی پێداوە و تەنیا یەک بابەت لەو بارەیەوە بڵاوکراوەتەوە، کە دیدێکی یاساییانە بووە بۆ هێرشەکانی تورکیا لە روانگەی یاسای نێودەوڵەتییەوە و لە لینکی وتاری سایتەکە بڵاوکراوەتەوە و رێژەی (٢,٥ ٪)ی بابەتەکانی پێکهێناوە.

**پێنجەم: بەکارهێنانی وێنە:**

لە خشتەی (٥)دا، وردەکاری پۆلینی ئەو وێنانە خراوەتەڕوو، کە سایتی سپێدە لە پاڵ بابەت و هەواڵەکانی بڵاویکردوونەتەوە.

لە رووی بەکارهێنانی وێنەوە، سایتەکە پشتی بە یەک سەرچاوەی دیاریکراو نەبەستووە و وێنەکانی جۆراوجۆرن و بەشێکیان ئاڵا و لۆگۆ و هەندێکیشیان لە گرتە ڤیدۆییەکانەوە وەرگیراون. ئەوانەی پەیوەستن بە رەوشی عەفرینەوە، زۆربەیان لە سەرچاوە تورکییەکان بە تایبەتی ئەنادۆڵ وەرگیراون

**خشتەی (5) رادە و جۆری بەکارهێنانی وێنە لەگەڵ بابەتە هەواڵییەکان روونەدەکاتەوە**

| ژ | جۆری وێنە | دووبارەبوونەوە | رێژەی سەدی |
|---|---|---|---|
| 1 | کەسایەتی | 15 | %34 |
| 2 | شەڕڤانان | 8 | %18 |
| 3 | سوپای تورکیا | 3 | %7 |
| 4 | رەوشی عەفرین | 7 | %16 |
| 5 | جۆراوجۆر | 11 | %25 |
| | کۆی گشتی | 44 | %100 |

و دیمەنی بۆمبابارانی عەفرین و دووکەڵی رەش بە ئاسماندا چووە. وێنەی شەڕڤانەکانیش چەند گرتەیەکە کە هەریەکەیان چەند جارێک دووبارە و سێ بارە بەکارهێنراونەتەوە. تەنیا یەک وێنەی بریندارانی عەفرین بەرچاودەکەوێت، کە منداڵێکە لە نەخۆشخانەی فریاکەوتنی عەفرین لە ژێر چارەسەردایە و وێنەکەی بڵاوکراوەتەوە.

**شەشەم: بەکارهێنانی دەستەواژە لایەندارەکان لە ناونیشانی هەواڵەکانی سپێدەدا**

لە خشتەی (٦)دا دەردەکەوێت، کە سایتی سپێدە لە ناونیشانی هەواڵ و بابەتەکانیدا، بە شێوەیەکی گشتی زۆرترین ئەو وشە و دەستەواژانەی بەکارهێناون کە بە جۆرێک لە جۆرەکان لایەندارانەن بۆ لایەنی کوردی لە شەڕەکەدا و لە رووی دووبارەبوونەوەی وشەکانیش زۆرترین جار وشەی (هێرش)ی بەکارهێناوە، کە لە رووکاردا بێلایەن دیارە، بەڵام زیاتر هێرش بۆ کاری رەوا و رەسمی بەکاردەهێنرێت و (پەلامار، لەشکرکێشی)یش زیاتر لایەنی نەرێنیان هەیە. هەروەها سایتەکە لە ناونیشانی هەواڵ و بابەتەکانیدا خۆی پاراستووە لە بەکارهێنانی دەستەواژەی (شەهید) بۆ ئەو شەڕڤان و مەدەنیانەی بە هۆی هێرشەکانی سوپای تورکیاوە ژیانیان لەدەستداوە.

**حەوتەم: شێواز و ئاراستەی رووماڵی سایتی سپێدە روون دەکاتەوە**

بە سەرنجدان لە خشتەی ژمار (٧) دەردەکەوێت، سایتی سپێدە لە رووی جۆری رووماڵەوە، پشتی بەستووە بە رووماڵی رووداوەکان وەک هەواڵ و لەو چوارچێوەیەدا مامەڵەی لەگەڵ کردوون. هەواڵەکانی رێژەی (٤٩,٥٪)ی بابەتەکانی رووماڵەکەی پێکهێناوە. وەک لە کاری رۆژنامەوانیشدا روونە، کە هەواڵ مەرج نییە وردەکاری زۆر و وەڵامی سەرجەم پرسیارە رۆژنامەوانییەکان بە تایبەتی رەگەزەکانی هەواڵی تێدا بێت. هەروەها

**خشتەی (6) دەستەواژە لایەندارەکان لە ناونیشانی هەواڵەکاندا**

| ژ | وشە | دووبارەبوونەوە | رێژەی سەدی |
|---|---|---|---|
| 1 | لقی زەیتوون | 1 | %3.5 |
| 2 | ئیدانە | 1 | %3.5 |
| 3 | بەرگری | 3 | %10.5 |
| 4 | پشتیوانی عەفرین | 5 | %17.5 |
| 5 | زاڵم | 1 | %3.5 |
| 6 | شەڕڤان | 7 | %24 |
| 7 | مەترسی | 1 | %3.5 |
| 8 | بەرگری سەخت | 2 | %7 |
| 9 | هێرش | 8 | %27 |
| 10 | شەهید | سفر | %0 |
| کۆی گشتی | | 29 | %100 |

**خشتەی ژمارە (7) شێوازی رووماڵی میدیایی سایتی سپێدە و ناوەڕۆکی ئەو رووماڵە روونده‌کاتەوە.**

| ڕێژەی سەدی | دووبارەبوونەوە | وشە | ژ |
|---|---|---|---|
| %49.5 | 42 | هەواڵ | 1 |
| % 0 | سفر | راپۆرت و بەدواداچوون | 2 |
| %34.5 | 29 | بەکارهێنانی دەستەواژەی لایەنگرانە | 3 |
| %10.5 | 9 | سەرچاوەی تایبەت | 4 |
| %5.5 | 5 | ژانرە رۆژنامەوانییەکانی دیکە | 5 |
| %100 | 85 | کۆی گشتی | |

سایتەکە لە رووی بەدواداچوون و ئامادەکردنی راپۆرتەوە، هیچ راپۆرتێکی لە بارەی رووداوەکانەوە بڵاونەکردووەتەوە و ئەمەش دەریدەخات، کە نەچووەتە بنج و بناوانی رووداوەکانەوە و زۆرتر ئەو زانیارییە هەنووکەییانەی گواستووەتەوە، کە لە بۆتەی هەواڵدا جێیان بووەتەوە و بە دوای وەڵامی پرسیارەکانی (چۆن و بۆچی)دا نەچووە، کە زۆرتر ئەرکی راپۆرتە رۆژنامەوانییەکانە هەوڵی وەڵامدانەوەیان بدەن.

سەبارەت بە ئاراستەی ناوەڕۆکی رووماڵەکە، وەک لە خشتەی ژمارە (٧) دەردەکەوێت، بە رێژەی (٣٤,٥٪) سایتەکە دەستەواژە و وشەی لایەنگرانەی بەکاهێناوە. هەروەها کەمترین سوودی لە ژانرە رۆژنامەوانییەکانی دیکەی وەک (چاوپێکەوتن، ریپۆرتاژ، کاریکاتێر، گرافیک ... تاد) بەستووە و بە بەراورد لەگەڵ بابەتەکانیدا، سەرچاوەی زانیاری تایبەتی تەنیا (١٠,٥٪)یە و ئەو زانیاریانەش زۆرتریان ئەوانەن کە پەیوەست بە هەڵوێست و لێدوانی کەسایەتی و بەرپرسانی یەکگرتووی ئیسلامییەوە.

**پاری دووەم**

**٢-سایتی کەناڵی پەیام و رووماڵی شەڕی عەفرین**

سایتی کەناڵی ئاسمانی پەیام، کە وەک یەکێک لە ئۆرگانە رەسمییەکانی میدیای کۆمەڵی ئیسلامی کوردستانە، هەر لە دەستپێکی هێرشی تورکیا بۆ سەر عەفرین بە شێوەیەکی بەربڵاو هەوڵیداوە رووماڵی رووداوەکان بکات. هاوکات بایەخی بە کاردانەوە ناوخۆییەکانی پەیوەست بە شەڕی عەفرین داوە. بە هۆی ئەوەی کەناڵە ئاسمانییەکە، کارا بووە، ئەوەش کاریگەری لەسەر ژمارە و چۆنێتی هەواڵەکانی سایتەکە کردووە. تێبینیدەکرێت بە رێژەیەکی بەرچاو لە رووی ژمارەوە زیاتر هەواڵ و بابەتی بڵاوکردووەتەوە.

**یەکەم: بەکارهێنانی ژانرە رۆژنامەوانییەکان لە رووماڵی رووداوەکاندا**

لە خشتەی(١)دا، وەک دەردەکەوێت، کەناڵەکە زۆرتر بایەخی بە هەواڵەکانی پەیوەست بە عەفرین داوە. کەمتر سوودی لە ژانرەکانی

**خشتەی (1) ژانرەرۆژنامەوانییەکان سایتی پەیام دیاریدەکات تایبەت بە عەفرین**

| ژ | ژانرە رۆژنامەوانییەکان | دووبارەبوونەوە | رێژەی سەدی |
|---|---|---|---|
| 1 | هەواڵ و وێنە | 112 | %79.5 |
| 2 | ڤیدیۆی هاوپێچکراو | 15 | %10.5 |
| 3 | وتار | 1 | %0.5 |
| 4 | راپۆرتی پەیامنێران | 13 | %9.5 |
| 5 | ریپۆرتاژ | سفر | %0 |
| 6 | ستۆری | سفر | %0 |
| 7 | چاوپێکەوتن | سفر | %0 |
| 8 | کاریکاتێر | سفر | %0 |
| 9 | گرافیک | سفر | %0 |
| | کۆی گشتی | 141 | %100 |

دیکەی هونەری رۆژنامەوانی وەرگرتووە لە بارەی رووداوەکانەوە. (٧٩:٥٪)ی بابەتەکانی تایبەتن بە هەواڵ و هەریەک لە هەواڵەکان وێنەی لەگەڵ بەکارهاتووە و بە رێژەی (١٠,٥٪)ی هەواڵ و راپۆرتەکانی گرتەی ڤیدیۆیی لەگەڵیان دانراوە. بەڵام هەریەک لە ژانرەکانی (ریپۆرتاژ، ستۆری، چاوپێکەوتن، کاریکاتێر، گرافیک) هیچ بایەخێکیان پێ نەدراوە و تەنیا یەک وتاری پەیوەست بە پرسی عەفرین بڵاوکراوەتەوە.

**دووەم: سەرچاوەی زانیاری:**

بۆ رووماڵی رووداوەکانی عەفرین، بە هۆی ئەوەی سایتی پەیام سەرچاوەی تایبەت و پەیامنێری لە شوێنی رووداوەکان، یان لە عەفرین نەبووە، هەوڵیداوە لە سەرچاوەی دەرەکی زانیاری وەربگرێت و بۆ ئەو مەبەستەش پشتی بە ئاژانس، بەیاننامە، راگەیەندراوی لایەنەکان و سایتە هەواڵییەکان بەستووە.

لە خشتەی ژمارە (٢)دا دەردەکەوێت بە

**خشتەی(2) پۆلینی سەرچاوەکانی زانیاری لە سایتی پەیام دیاریدەکات**

| ژ | سەرچاوەکانی هەواڵ | دووبارەبوونەوە | رێژەی سەدی |
|---|---|---|---|
| 1 | تایبەت بە پەیام/ پەیامنێر | 12 | %9.5 |
| 2 | راگەیەندراو و بەیاننامە | 30 | %23.5 |
| 3 | سایتە هەواڵییەکان | 83 | %66 |
| 4 | تۆرە کۆمەڵایەتییەکان | 1 | %1 |
| | کۆی گشتی | 126 | %100 |

**خشتەی (3) دیارکردنی جۆری هەواڵەکانی سایتی پەیام لە رووی شوێنگەی رووودانیان دیاریدەکات**

| ژ | جۆری هەواڵ | دووبارەبوونەوە | رێژەی سەدی |
|---|---|---|---|
| 1 | جیهانی | 20 | %16 |
| 2 | تورکیا | 14 | %11.5 |
| 3 | عەفرین | 57 | %45.5 |
| 4 | هەرێمی کوردستان | 32 | % 25 |
| 5 | تایبەت بە کۆمەڵ | 3 | % 2 |
| | کۆی گشتی | 126 | %100 |

رێـژەی (٦٦٪) سـایتی پەیـام، هەواڵـی لـە سـایت و سـەرچاوە ئەلیکترۆنییەکانـی دیکـە وەرگرتـووە. کەمتریـن سوودیشـی لـە تـۆڕە کۆمەڵایەتییـەکان بینیـوە و تەنیـا بـە رێـژەی (٩,٥٪) هەواڵـی لـە سـەرچاوەی تایبـەت بـە خـۆی بڵاوکردووەتـەوە، کـە ئەوانیـش زۆربەیـان ئـەو راپۆرتـە هەواڵیانـەن، پەیامنێرەکانـی لـە سـنووری هەرێمـی کوردسـتان ئامادەیـان کـردووە.

**سـێیەم: پۆلێنکردنـی بابەتـە هەواڵییـەکان بـە گوێـرەی جوگرافیـای رووداوەکان**

لـە خشـتەی (٣) دا دەردەکەوێـت، سـایتەکە بایەخێکـی تایبەتـی داوەتـە هەواڵەکانـی خـودی عەفریـن و مەیدانـی شـەڕەکە. سـەبارەت بـە هـەواڵ و چالاکییەکانـی حزبیـش، کەمتریـن بایەخـی بۆیـان هەبـووە و تەنیـا ٣ هەواڵـی تایبـەت بـە حزبـی هەیـە کـە لـە سـەدا ٢ی کـۆی گشـتی بابەتەکانـی دەکات.

**خشتەی (4) دەستنیشانکردنی بابەتە هەواڵییەکان لە رووی جۆری ناوەڕۆکەوە دیاریدەکات**

| ژ | جۆری بابەت | دووبارەبوونەوە | رێژەی سەدی |
|---|---|---|---|
| 1 | سیاسی | 63 | % 50 |
| 2 | ئابووری | 3 | % 2.5 |
| 3 | کۆمەڵایەتی | 5 | % 4 |
| 4 | سەربازی | 51 | % 40 |
| 5 | یاسایی | 4 | % 3.5 |
| | کۆی گشتی | 126 | % 100 |

**خشتەی (5) رادە و جۆری بەکارهێنانی وێنە لەگەڵ بابەتە هەواڵییەکان ڕووندەکاتەوە**

| ژ | جۆری وێنە | دووبارەبوونەوە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|---|
| 1 | کەسایەتی | 35 | %27.5 |
| 2 | شەڕڤانان | 18 | %14.5 |
| 3 | سوپای تورکیا | 32 | %25.5 |
| 4 | ڕەوشی عەفرین | 13 | %10.5 |
| 5 | جۆراوجۆر | 28 | % 22 |
| | کۆی گشتی | 126 | %100 |

**چوارەم: پۆلینی بابەتە هەواڵییەکان لە ڕووی جۆری ناوەڕۆکی هەواڵەکانەوە**

لە خشتەی(٤)دا دەردەکەوێت، کە ساینی پەیام بە ڕێژەی (٥٠٪)ی هەواڵەکانی پەیوەست بە پرسە سیاسییەکان و کاردانەوە و لێدوانە سیاسییەکانی پەیوەست بە شەڕی عەفرین و بە دوای ئەویشدا بە ڕێژەی (٤٠٪) بایەخی بە کردەوە سەربازییەکان و هەواڵی جموجۆڵەکانی هەردوولایەنی شەڕی داوە. کەمترین بایەخیشی بۆ پرسە ئابوورییەکانی ئەو شەڕە بووە، کە تەنیا ڕێژەی (٥ ,٢٪)ی بابەتەکانی پێکهێناوە. هاوکات تەنیا بە ڕێژەی (٤٪) بایەخی بە ڕووماڵی چالاکییە کۆمەڵایەتییەکان داوە و ئەو هەواڵانەشی بڵاوکردوونەتەوە زیاتر لە بارەی کۆمەک و بەخشینی خوێن بووە بە بریندارەکانی عەفرین.

**پێنجەم: بەکارهێنانی وێنە:**

لە خشتەی (٥)دا، وردەکاری پۆلینی ئەو وێنانە خراوەتەڕوو، کە ساینی پەیام لە پاڵ بابەت و هەواڵەکانی بڵاویکردوونەتەوە.

لە ڕووی بەکارهێنانی وێنەوە، ساینەکە پشتی بە یەک سەرچاوەی دیاریکراو نەبەستووە و وێنەکانی جۆراوجۆرن. گرنگی بە وێنەکانی سوپای تورکیا و کەسایەتییەکان داوە. زۆرترین وێنەی کەسایەتییەکان کە بڵاوبوونەتەوە، وێنەی ئەو کەسایەتیانەن کە لێدوانیان لە بارەی پرسەکەوە داوە.بە پلەی دووەمیش وێنەی تۆپخانە و هێزەکانی سوپای تورکیان. ئەو هەواڵ و ڕاپۆرتانەش کە لە هەرێمی کوردستان پەیامنێرانی کەناڵەکە ئامادەیان کردووە، بەتایبەتی خۆپیشاندان و کاردانەوەکان، ساینەکە وێنەی تایبەت بە خۆی داناوە.

**شەشەم: بەکارهێنانی دەستەواژە لایەندارەکان لە ناونیشانی هەواڵەکانی پەیامدا**

وەک لە خشتەی (٦) دا دەردەکەوێت، موحەریری ساینی پەیام، زۆرتر ئەو وشە و دەستەواژانەی بەکارهێناون کە لایەنگرییان پێوەیە بۆ هێزە کوردییەکانی عەفرین و لە بەرامبەر (هێرش) دا بە ڕێژەی ٥ ,١٥٪ دەستەواژەی (لەشکرکێشی) بەکارهێناوە و تەنیا یەکجار دەستەواژەی (باکووری سووریا)ی بەکارهێناوە و لە بەرامبەردا ١١ جار و بە ڕێژەی (٥ ,١٠٪) دەستەواژەی (کانتۆنی عەفرین)ی بەکارهێناوە. سەبارەت بە دەستەواژەی (شەهید)، لە ناونیشانی هەواڵ و بابەتەکانیدا ساینی پەیام خۆی لە بەکارهێنانی ئەو دەستەواژەیە پاراستووە.

**خشتەی(6) دەستەواژە لایەندارەکان لە ناونیشانی هەواڵەکاندا**

| ژ | وشە | دووبارەبوونەوە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|---|
| 1 | چڵ (لق)ە زەیتون | 1 | %1 |
| 2 | ئیدانە | 6 | %5.5 |
| 3 | بەرگری | 4 | %3.5 |
| 4 | پشتیوانی/پشتگیری/ پاڵپشتی | 10 | %9.5 |
| 5 | ئۆپراسیۆن | 3 | %3 |
| 6 | شەڕڤان | 6 | %5.5 |
| 7 | قوربانی | 5 | %4.5 |
| 8 | چەکی قەدەغەکراو | 1 | %1 |
| 9 | هێرش | 26 | %26.5 |
| 10 | لەشکرکێشی | 16 | %15.5 |
| 11 | بەرفراوان | 1 | %1 |
| 12 | کانتۆنی عەفرین | 11 | %10.5 |
| 13 | هێرشی ناڕەوا | 1 | %1 |
| 14 | باکووری سووریا | 1 | %1 |
| 15 | قورس (شەڕ، بەرگری، چەک) | 6 | %5.5 |
| 16 | شکستی سوپای تورکیا | 2 | %2.5 |
| 17 | ڕژێمی سووریا، ئەسەد | 3 | %3 |
| 18 | شەهید | سفر | %0 |
| **کۆی گشتی** | | **103** | **%100** |

**حەوتەم: شێواز و ئاراستەی ڕووماڵی سایتی پەیام روون دەکاتەوە**

وەک لە خشتەی ژمارە (٧) دەردەکەوێت، سایتی پەیام بە پلەی یەکەم لە ڕووماڵی ڕووداوەکانی عەفرین شێوازی ڕووماڵی هەواڵیی پەیڕەو کردووە و هەواڵەکانی ڕێژەی (٤٤٪)ی بابەتەکانی پێکدەهێنێت و لە بەرامبەردا کەمتر بایەخی بە بەدواداچوون داوە و ئاستی بایەخدانی بەو بوارە تەنیا (٥٪)ە. هەرچی ژانرە رۆژنامەوانییەکانی دیکەیە، بە ڕێژەی (٦٪) بەکارهێنراوون. هەروەها لە رووی ئامادەکاری و دابینکردنی سەرچاوەی زانیاری تایبەتەوە، سایتەکە بە ڕێژەی (٥٪) بابەتە بڵاوکراوەکانی سەرچاوەی تایبەتی خۆیەتی و ئەوانی دیکەی لە سەرچاوەی یەکەم یان دووەمەوە وەرگرتوون. سەبارەت بە ئاراستەی ناوەڕۆکی پەیام و بابەتەکانی، سایتی (پەیام) لە ڕووماڵەکەیدا بە ڕێژەی (٤٠٪) دەستەواژە و وشەی لایەنگرانەی بەکارهێناوە.

خشتەی ژمارە (7) شێوازی ڕوومالّی میدیایی سایتی پەیام و ئاراستەی ناوەڕۆکی ڕووماڵەکە ڕوون دەکاتەوە.

| ژ | وشە | دووبارەبوونەوە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|---|
| 1 | هەواڵ | 112 | %44 |
| 2 | ڕاپۆرت و بەدواداچوون | 13 | % 5 |
| 3 | بەکارهێنانی دەستەواژەی لایەنگرانە | 103 | %40 |
| 4 | سەرچاوەی تایبەت | 12 | %5 |
| 5 | ژانرە ڕۆژنامەوانییەکانی دیکە | 16 | % 6 |
| | کۆی گشتی | 256 | %100 |

**هەشتەم: دووبارەبوونەوەی دەستەواژە و وشە هاوبەشەکانی نێوان هەردوو سایت**

بە گوێرەی خشتەی (٨) هەردوو کەناڵ بە ڕێژەی جیاجیا ئەو وشە و دەستەواژانەیان بەکارهێناوە کە مۆرکی لایەنداریان پێوەیە بۆ لایەنێکی ململانێکە. بەڵام هەردووکیان خاڵی هاوبەشیان ئەوەیە، کە دەستەواژەی شەهیدیان لە ناونیشانی هەواڵ و بابەتەکانیان بەکارنەهێناوە. بە سەرنجدان لە ڕێژەکان، هەرچەندە سایتی کەناڵی سپێدە، لە ڕووی ژمارەوە هەواڵ و بابەتی لەسەر ئەو پرسە بڵاوکردووەتەوە، بەڵام لە بەکارهێنانی هەندێک لە وشە و دەستەواژە لایەندارەکان لە سایتی پەیام لە پێشترە.

**ئەنجام**

١. هەردوو سایتی کەناڵەکانی پەیام و سپێدە، بە شێوەیەکی سەرەکی لە ڕووماڵی شەڕی عەفریندا، زۆرتر پشتیان بە هەواڵ و تا رادەیەکیش ڕاپۆرتە هەواڵ بەستووە. ژانرە ڕۆژنامەوانییەکانی دیکەیان فەرامۆش کردووە. بەشێکی هۆکارەکە ڕەنگە پەیوەندی بە توانای مرۆیی سایتەکانەوە بێت و بە هۆی ئەوەی هەردوو سایت کەمترین ڕێژە هەواڵی تایبەتیان هەبووە و زۆرترین هەواڵەکانیان لە سایت و سەرچاوە هەواڵییەکانەوە وەرگرتووە، ئەو ڕاستییە دەردەکەوێت، کە هەردوو سایت بە پلەی یەکەم پشتیان بە وەرگێڕانی هەواڵ لە زمانی دووەمەوە بەستووە، بە تایبەتی لە عەرەبییەوە.

٢. لە ڕووی بەکارهێنانی وێنەوە، بە شێوەیەکی گشتی وێنەکان لە سایتەکان و لە ڕێی مانۆڕی گەڕانی گووگڵ بۆ وێنە بەدەستهێنراوون. تەنیا لە چەند هەواڵێکی ناوخۆیی نەبێت کە لە ڕێی پەیامنێرەکانیان وێنەیان پێگەیشتووە. ئەوانی دیکە سەرجەمیان لە ئینتەرنێت وەرگیراون بێ ئەوەی ناوی سەرچاوەیان دیارکرابێت.

٣. سایتی کەناڵی سپێدە، بە هۆی ڕاگیرانی پەخشی کەناڵەکەیانەوە، ژمارەیەکی کەمتر هەواڵ و بابەتی لە بارەی عەفرین هەبووە. تێبینیدەکرێت دوای دەرکردنی بەیانامەی مەکتەبی سیاسیی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان لە بارەی هێرشی تورکیا بۆ سەر عەفرین، هەروەها بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەو شەپۆلە نارەزایەتییەی دژی کەسایەتییە ئیسلامییەکانی نزیک لە یەکگرتوو بە تایبەتی د.عەلی قەرەداغی و مامۆستای ئایینی سەید ئەحمەد بەرزنجی لە

**خشتەی (8) ڕادەی دووپاتبوونەوەی وشە و دەستەواژە هاوبەشەکانی نێوان هەردوو سایتی سپێدە و پەیام دەخاتەڕوو**

| ژ | وشە | دووبارەبوونەوە پەیام | ڕێژە | دووبارەبوونەوە سپێدە | ڕێژە |
|---|---|---|---|---|---|
| 1 | لقی زەیتوون | %1 | %1.5 | %3.5 | %4.5 |
| 2 | ئیدانە | %5.5 | %9.9 | %3.5 | %4.5 |
| 3 | بەرگری | %3.5 | %7.5 | %10.5 | %12.5 |
| 4 | پشتیوانی عەفرین | %9.5 | %18.5 | %17.5 | %20.5 |
| 5 | شەڕڤان | %5.5 | %11.5 | %24 | %27 |
| 6 | هێرش | %26.5 | %51.5 | %27 | %31 |
| 7 | شەهید | %0 | %0 | %0 | %0 |
| کۆی گشتی | | %51.5 | %100 | %86 | %100 |

تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان هاتنە ئارا؛ ساینەکە بایەخی بە ڕوونکردنەوەکانیان و هەواڵەکانی پەیوەست بە هەڵوێستی یەکگرتووی ئیسلامی داوە. بەڵام هەرچی ساینی کەناڵی پەیامە، کەمتر بایەخی بە هەواڵی حزبی داوە.

٤. لە ڕووی بیروڕاوە هەردوو سایت کەمترین بایەخیان بە بۆچوونی نووسەران داوە و هەردوو ساینەکە خاڵین لە بۆچوونی نووسەرانی ئیسلامی لە بارەی ئەو پرسەوە.

٥. سەرەڕای ئۆمەتبارکردنیان بە پشتیوانیکردنی هێرشی سوپای تورکیا بۆ سەرعەفرین، هەردوو سایت تا ئەندازەیەکی زۆر خۆیان لەوە پاراستووە، مۆرکی لایەنداری بۆ سوپای تورکیا و هێرشەکانی بۆ سەر عەفرین لە بابەت و هەواڵەکانیان دەرکەوێت و هەوڵیانداوە، بایەخی زۆرتر بە ڕووماڵی ئەو هەواڵانە بدەن، کە لایەنداریان بۆ هێزە کوردییەکانی عەفرین هەیە و بەشێکی بەرچاوی بەیاننامە و لێدوان و ڕاگەیەندراوە سەربازییەکانی هێزەکانی سووریای دیموکرات (هەسەدە) و یەکینەکانی پاراستنی گەل (یەپەگە) و ئیدارەی خۆبەڕێوبەری عەفرین بڵاوبکەنەوە و زۆرێک لەو چالاکییانەیان ڕووماڵکردووە کە (ئیدانە)ی هێرشەکانیان کردووە. بە تایبەتی لە هەرێمی کوردستاندا. بەڵام ئامادەش نەبوون لە ناونیشانی هەواڵەکانیان لە بارەی قوربانییەکانەوە ئەگەر مەدەنیش بووبن، دەستەواژەی (شەهید) بەکاربهێنن.

٦. هەردوو ساینی کەناڵەکانی پەیام و سپێدە، لە ڕووماڵکردنی ڕووداوەکانی عەفریندا، شێوازی ڕووماڵی هەواڵیان پەیڕەوکردووە و بە گوێرەی دەرکەوتەی خشتەی حەوتەم لە هەردوو ساینەکەدا، دەردەکەوێت، بە هۆی دووبارەبوونەوەی بەرچاوی وشە و دەستەواژە لایەندارەکان، هەردوو سایت سەرکەوتوو نەبوون لە ڕووماڵێکی بێلایەنانەی ڕووداوەکان. هەروەها بە هۆی نەبوونی یان کەمی سەرچاوەی تایبەتەوە زۆرینەی هەواڵەکانیان لە سەرچاوەی یەکەم، یان دووەمەوە وەرگیراوون و بایەخیان بە قووڵبوونەوە و دەرخستنی لایەنە شاراوەکان و هۆکار و شرۆڤەی لێکەوتە جیاجیاکانی شەڕەکە نەداوە.

## سەرچاوە و پەراوێز:


[١]- ابراهيم القلواز،التغطية الاخبارية و دورها في صناعة الاخبار، سەرچاوە: http://www.m.ahewar.org/s.asp?aid=٤٣٩٥٨٠&r=٠

[٢]- د . ظمياءحسنيغضيبالربيعي، التغطية الصحفية لالزمات بحث مستل من اطروحة دكتوراه، سەرچاوەکەی: https://www.iasj.net/iasj?func=fulltext&aId=٦٥٩٢٨ pdf,

[٣]- د.عرفات مفتاح معيوف، معايير التغطية الاخبارية في القنوات التليفزيونية، جامعة طرابلس، http://albalqajournal.ammanu.edu.jo/pdfs/٨٧١٧٥٤٠١٠٠٧١٠.pdf pdf,

[٤]- ابراهيم القلواز،التغطية الاخبارية و دورها في صناعة الاخبار، سەرچاوەی پێشوو:http://www.m.ahewar.org/s.asp?aid=٤٣٩٥٨٠&r=٠

[٥]- صهيب محمود على الفلاحى، التغطية الاخبارية لموقعي الجزيرة و الـBBC العربية لمعركتني الفلوجة عام ٢٠٠٤ , دراسة تحليلية، pdf , ص ٤٦. https://meu.edu.jo/libraryTheses/c٣٠a٨d٨a٥e٥٨٥_١.pdf

[٦]- نصر عامر، مراحلالتغطيةالاخباريةفيالصحافة، http://elaphblogs.com/post/%D9%٨٥%D9%٨٤%AD%D9%D٨%AV%D٨%B١%D٨%٢٠%٨٤%AD%D٨%AA%D٨%D٨%٨٤%D٩%AV%D٨%BV%BA%D٨%D٨%AV%D٨%٨٤%D٩%AV%D٨%٢٠%A٩%٨A%D٨%D٩%٢٠%A٩%٨A%D٨%D٩%B١%D٨%AV%D٨%A٨%AE%D٨%٨١%D٩%A%D٨%B٥%D٨%٨٤%D٩%AV%D٨%٢٠%٨A%D٩%D٨%D٩%AV%D٩%٨١%D٨%A٩-٦٥٦٤٩.html

[٧]- ويكيبيديا، الحربعلىغزة ٢٠١٤، https://ar.wikipedia.org/wiki/%D٨%AD%D٨%D٨%٨٤%D٩%AV%D٨%BA%D٨%D٨%_٨٩%D٩%٨٤%D٩%B٩%D٨%_A٨%D٨%B١%D٨%B٢A٩%_٢٠١٤

[٨]- احمدسيف، «بيبيسي».. روايةاسرائيلأولاودائما، ٥ ديسمبر ٢٠١٤، العربي الجديد , https://www.alaraby.co.uk/politics/٢٠١٤/١٢/٥%D٨%A٨%D٩-٨A%D٨%B١%D٩%D٨%-A٨%B٣%D٩%D٨%-A٨%D٩%A٨%%D٨%D٨%A٥%D٨%٩%٨٨%D٨%AV%D٩%D٨%A٨%A٩-%

٨٤%٨A%D٩%D٩%A٦%D٨%AV%D٨%B١%D٨%B٣%AF%%D٨%٨٨%D٩%-AV%D٨%٨٤%D٩%٨٨%D٩%A٣%D٨%D٨%AV%D٩%A٦%D٩%٨٥%D٨%AV%D٨-١-٢-١

[٩]- المركز الدولي للاعلام و علوم الاتصال، انواعالتغطيةالاخبارية، http://www.icmcmedia.com/ar/%D٨%D٩%A٧%D٩%A٦%D٨%٨AA%D٨%D٨%٨٤%D٩%AV%D٨%-B٩%D٨%AV%D٨%٨٨%D٨%٨٤%D٩%AV%D٨%-A٩%٨A%D٨%D٩%BV%BA%D٨%٨A%D٨%D٩%B١%D٨%AV%D٨%A٨%AE%D٨%D٨%AV%A٩%/

هەروەها بڕوانە: ابراهيمالقلواز،التغطيةالاخباريةودورهافيصناعةالاخبار،سەرچاوەیپێشوو: http://www.m.ahewar.org/s.asp?aid=٤٣٩٥٨٠&r=٠

[١٠]- ابراهيمالقلواز،التغطيةالاخباريةودورهافيصناعةالاخبار،سەرچاوەیپێشوو: http://www.m.ahewar.org/s.asp?aid=٤٣٩٥٨٠&r=٠

[١١]- د.عرفات مفتاح معيوف، معايير التغطية الاخبارية في القنوات التليفزيونية، جامعة طرابلس، http://albalqajournal.ammanu.edu.jo/pdfs/٨٧١٧٥٤٠١٠٠٧١٠.pdf pdf,

[١٢]- سپێدە، هەواڵی ژمارە (٣٢٣٤٦)ی ڕۆژی ٢٢-١٢-٢٠١٨، http://www.speda.net/index.php/news/kurdistan/٣٢٣٤٦

١٣- پەیام، سایتی کەناڵی ئاسمانی پەیام، http://www.payam.tv/payam.aspx

KCCRC

Kurdistan conflict and Crisis Research Center

## دەربارە

ناوەندی کوردستان بۆ توێژینەوە لە ململانێ و قەیرانەکان ناوەندێکی قازانج نەویستی سەربەخۆیە، کاردەکات بۆ ئەنجامدان و پشتگیریکردن و هاندانی توێژینەوەو پێشکەشکردنی بە ڕای گشتی، هەروەها وەرگێڕانی کتێب و نوێترین توێژینەوە جیهانییەکان بۆ سەر زمانی کوردی و دەوڵەمەندکردنی لیتریچەی کوردی لەبوارەکانی سیاسەت و دیراساتی ئایندە، بە مەبەستی دۆزینەوەی چارەسەر بۆ گرفتە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئەمنییەکان، ئاگادارکردنەوەی دەستەبژێری سیاسیی کورد لەو هەڕەشانەی کە ڕووبەڕووی کوردستان و ناوچەکە دەبنەوە.

Political Studies PS

Terrorism & Security Studies TSS

Islamic Studies IS